

## تابلۆی کات و چاوەڕوانی

# لە تابلۆی کات و چاوەڕوانی

هێرۆ شێخە

زۆر جار زمان لە گۆ دەکەوێت و توانای دەربڕینی هەست لە کورتی دەدات. وشە و ڕستەکان لەگەڵ خولیای دەربڕین تێک ناکەنەوە و دەروەستی گێڕانەوەی کوڵی پەنگ خواردوو و هەڵڕشتنەوەی خەمەکان نینە. لەو کاتانەدا بەشێک لە ئەندامی جەستە، زۆر قسەی نەگوتراو و خەرمانێک خەمی بەیان نەکراویان پێیە.

مرۆڤ لە کۆتایی تەمەنیدا، پەنجەکانی گنجاوی دەبن و گنجەکان دەکەونە سەریەک و پاڵ وەیەکتر دەدەن و ئەوکاتەی پەنجەکان دەبەریەک دەبەزن، ئەوەندەی دیکە، خەم و ئازارەکان لە خۆیاندا حەشار دەدەن. خاوەنی هەریەک لەم دەستە دەبەریەک بەزیوانە، بە کۆڵێک ئەزموونی تاڵ و شیرینەوە، بەم ڕۆژە گەیشتوون. ڕابردووی شیرین، وەک ژیلەمۆی پەپوولەی دەم با، ڕۆشتن و زیاتر خەمەکان لە ژێر ئەم گنجانەدا خۆیان حەشار داوە.

کاتژمێر، چرکە بە چرکە تێدەپەڕێت و گنجی ئەنگوستەکانیش، خۆیان بۆ لەباوەشگرتنی خەمی نوێتر لەبەر یەک دەکێشنەوە.

لەم کۆلاژەدا، هەر یەکە و کۆمەڵێک خەمی جیاوازیان پێوە دیارە و بە پێی ژمارەی خاوەنەکانیان چیرۆکی بەیاننەکراویان حەشار داوە

و لـە هەمان کاتدا، بە زمانی بێزمانیی، خەمی هاوبەشـی مرۆڤیش دەگێڕنەوە، کە سـەرکەوتوو و دڵخۆشـین یان ڕووحمان هەسـت بە ئـازادی دەکات، بە هەموو توانامانەوە دەسـتەکانمان دەکەینەوە و سەمایان پێدەکەین.

بـەم خاوەنـی ئەم دەسـتە لێکگرێدراوانـە، مرۆڤێکی چاوەڕوان و لەوانەیـە هیوابڕاویـش بن. ئێسـتاش، کە پیر بوونە، سـاتەکانی چاوەڕوانـی، لەنێـو گنـج و لۆچەکانیانـدا، خۆیان شـاردووەتەوە. ئـەم گنجانـە لە سـەرەتای منداڵییـەوە، جێگەیان لـەم پەنجانەدا خۆشکردووە. ئەو کاتەی بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی گەورەبوون و گەیشـتن بە ئاواتەکان و وەدیهاتنی خەونەکانمانین. بەم وەدیهاتنی هەرخەونێک و گەیشتن بە هەر ئاواتێک، هەستێکی نامۆ و زۆر جار تاریک، وەک پانتایی ئەم تابلۆیە ناخ داگیر دەکات. هەسـتێک، کە هیچ وشەیەک ناتوانێت، وەک ڕەنگی ڕەش بە قووڵیی ئەم هەستەدا، شۆڕ بێتەوە و واتاکەیمان بۆ دەر بخات.

ئـەم تابلۆیـە، کـۆلاژی "کات و چاوڕوانی"یـە و کاتێک دەسـتم بە ڕێکخستنی کرد، خولیای تەمەن و چاوەڕوانی داگیری کردبووم و لە خـۆی گرتبـووم. چۆن زۆر جار زمـان، وەک بووم و فلّچە ناتوانیت مانا، حەز، تاسـە و خولیاکان بەیان بکات، هەر ئەواش پێم خۆشە ئەم تابلۆیە، بە زمانی خۆی لەگەڵ بینەر بدوێت.